# جیاوازیی نێوان میللەتان و چۆنییەتی داڕشتنی سیاسەت

## حوسێن کوردنەژاد

**٢٠/٠٥/٢٠٢٥**

کاتێـک دەگوترێـت میللەتانی جۆراوجـۆر لـە یەکـتر جیـاوازن ڕەنگـە لـە ڕەواڵەتـدا وەک قسـەیەکی ئاسـایی زۆر جێـی سـەرنج نەبێـت، بـەڵام نـاوەڕۆک و هێـزی ئـەم گوتەیـە لـە بیرکردنـەوە و داڕشـتنی سیاسـەت و سـتراتێژیی ئیدارەدانـی ژیانـی سیاسـی و ئابووریـدا پێگەیەکـی گرینگـی هەیـە. بـەو ڕوانگەیـەوە، پرسـیاری ئـەم بابەتـە ئەوەیـە کـە میللەتـان لـە چیـدا جیـاوازن و خاڵـە جیاوازەکانیـان چـۆن دابڕێژینـەوە و دەستنیشـانیان بکەیـن؟

### خاڵی یەکەم: میرات

خاڵـی یەکەمـی جیاوازیـی نێـوان میللەتـان لـە میراتـی مێژووییاندایـە کـە بـە زمانـی ئینگلیـزی پێـی دەگوتـرێ ئیندۆمێنـت (Endowment). لـەم بـوارەدا جۆگرافیـای فیزیکـی خاڵێکـی سـەرەکییە. بـۆ نموونـە وڵات هەیـە لـە سـەر دەریایـە، وڵاتیـش هەیـە لـە وشـکانی دایـە، وڵات هەیـە بـە دەریـا دەوور دراوە، وڵاتیـش هەیـە خاکەکـەی بـە خاکـی چەندیـن وڵاتـەوە دەوور دراوە، وڵات هەیـە خـاوەن زەویـی کشـتوکاڵییە، وڵاتیـش هەیـە لـەم پیـت و هاتـەدا بـێ بەهرەیـە، وڵات هەیـە ڕووبـاری گـەورەی تێـدا ڕەوانـە کـە بـۆ کەشـتیرانی گونجـاوە، وڵاتیـش هەیـە ڕووبارەکانـی بـە کاری کەشـتی نایـەن، وڵات هەیـە هەرچەنـدە لـە کەنـاری دەریادایـە، بـەڵام بەنـدەری لـێ سـاز ناکرێـت، وڵاتیـش هەیـە بـۆ سـازکردنی بەنـدەری تیجاریـی گـەورە شـیاوە، وڵات هەیـە زسـتانی پـڕ بەفـری هەیـە و خـاوەن شـاخی بـەرزە کـە بـۆ وەرزشـی زسـتانی لەبـارە، وڵاتیـش هەیـە بـە سـاڵان تەنکـە بەفرێـک بەخۆیـەوە نابینـێ، وڵات هەیـە هـەوای ئەوەنـدە سـاردە کـە چالاکـی و کۆبوونـەوە لـە دەرەوەی شـوێنە داپۆشراوەکانیـدا ناکرێـت، وڵاتیـش هەیـە بـۆ ئـەوە دەبێـت هـەر لـە دەرێ بـی و چالاکـی و بیناسـازی و زۆر بـواری دیکـەی ژیانـی تێـدا ڕێـک بخرێتـەوە، وڵات هەیـە خـاوەن سـەرچاوەی سروشـتییە، وڵاتیـش هەیـە لـە زۆر سـەرچاوەی سروشـتیدا بـێ بەشـە.

هەمـووی ئەمانـە و زۆر شـتی تـری وەک چـۆن خانوومـان سـاز کـردووە، چـۆن بـە درێژایـی مێـژوو خۆمـا ئاومـان ئیـدارەدا، خۆمـان لـە سـەرما و گەرما پاراسـتووە، چـۆن خوێندوومانـە، چـۆن خانەوادەمـان پێـک هێنـاوە و زۆر بابەتـی دیکـەی گرێـدراو بـە مێـژووی ژیانمـان ڕێـک خسـتووە، بـە گشـتی لـە مانـای فراوانـی فەرهەنگـی میللەتانـدا کارتێکەرییـان لە داڕشـتنی سیاسـەتی پێشخسـتن و گەشـەپێدانی ژیانـی میللەتانـدا دەبێـت. بەشـی زۆریشـیان لـە ئاکامـی تەدبیـر و کاری ئێمـە نییـە و دەسـتمان تێیاندا نەبـووە بەڵکـوو بـە میـرات بۆمـان ماونەتـەوە. ئەوەیـە کـە ئیندۆمێنتـی جۆراوجـۆر میللەتـان لەیەکـتر جیـا دەکاتـەوە و دواجـار سیاسـەتی میللەتانیـش لەیەکـتر جیـا دەکاتـەوە. کەواتـە بـەو تێڕوانینـە، پێویسـتە هـەر میللەتێـک سیاسـەتی سـایزی خـۆی بـۆ خـۆی بدۆزێتـەوە و دایبڕێژێـت.



گوندی ئیتالی 1 خانووی ئوفیسەکان ژمارەی خانوو B8
+964 750 715 1111
www.irdk.org
info@irdk.org

## سیاسەتی میللی - ناوەندی و سەرانسەریی وڵاتان

سیاسەتی ماکرۆ ئیکۆنۆمی (Micro Economics) و کوالێتە و جۆری سیاسەت (سیاسەتی هەمەلایەنە (Inclusive) و تایبەتکراو (Extractive) لە ژیانی سیاسی و ئابووریدا)، لە سەر پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی و پەرەپێدانی سەرمایەی فیزیکی ورد دەبێتەوە. وڵاتان وەک دوورگەی جیا لە یەکتر نین و لە دنیا لاتەریک نین، بەڵکوو پەیوەندیی وڵاتان لەگەڵ دەور و پشت و جیهان لە دیاریکردنی پێگەی ژیۆپۆلیتیک (جۆگرافیای سیاسی) و ژیۆئیکۆنۆمیکیاندا (جوگرافیای ئابووری) و لە کۆتاییدا لە مان و نەمانیاندا فاکتۆری گرینگن.

## سیاسەتی ناوچەیی: کامە سیاسەت لە دەڤەری جیاوازدا پیادە دەکرێت

مەیدانی سەرەکیی سیاسەتی ناوچەیی (Regional) گەشەپێدان، گرینگیی دینامیکی ئابووریی خۆجێی، بەرهەمهێنەربوونی ئابووریی خۆجێیی، کوالێتی یاسا و رێکارەکان، کوالێتی ستراکچرالی ئاکتۆرەکان بە تاک و بە گرووپ، ئازادیی بەشداری و کوالێتی حکومڕانییە. سیاسەتی وڵات وەک دروست کردنی خانووە کە لە خوارەوەڕا بۆ سەرێ ساز دەکرێت. بەڵام بە کەیفی خۆشمان نابێت، بەڵکوو لە سەر پرەنسیپی هاوتەریبی دەسەڵاتدان (Delegation) و چاودێری (Supervision) واتە بە شۆڕکردنەوەی دەسەڵات و چاودێریی سەرەوە بینا دەنرێت.

لەو دیدگەیەوە، داهاتووی سەرکەوتن و نەبوونی سیاسەتی گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان بە هێزی بورووکراسیی حکوومەتەوە بەندە. لەم ئاستە لە دەڤەری جیاوازدا بە شێوەیەکی گشتی گەشەی کۆمپانیاکانی خۆجێی و دینامیکی ئابووریی لۆکاڵ کاری گرینگن.

مەرجی سەرکەوتن لەو کارانەدا فێربوونی چەندین بابەتە. بۆ نموونە: دابەشکردنی بەشەکان بۆ سێ ئاستی دراسەی ئیندۆمێنت، سیاسەتی ناوەندی و سیاسەتی گەشەپێدانی ناوچەیی. (ئەمە لە مایکل پۆرتێر، بەرپرسی بیزنێس سکولی هاروارد، فێر بوومە)؛ دابەشکردنی کوالێتیی سیاسەت بە هەمەلایەنە و تایبەتکراو. (ئەمە لە رۆبینسۆن و عەجەم ئۆغلوو، نووسەرانی کتێبی: «بۆ میللەتان سەرناکەون»، فێر بوومە)؛ پیادەکردنی سیاسەتی واقێعی لە وڵاتاندا لە ئەنجامی بە یەکتر گەیشتنی ئاکتۆرە کاریگەرەکان. (لە دەنی روودریک، پسپۆری ئابووریی گەشەپێدان لە زانستگەی هاروارد، فێر بوومە).

بەو وانە فێربوونە دەگەینە ئەوەی کە دەرفەتی فێربوون بۆ هەموو کەس هەیە. ئەو فێربوونە وەک کارێکی ناچاری پێویستییەکی سەرەکیی دارشتنی سیاسەتە. بارزترین نموونەی پێویستیی ناچاری بۆ فێربوون و سەرکەوتن سەرۆکی ئارژانتین بوو. خاوێر مایلێی (Javier Milei) سەرۆک کۆماری ئارژانتین بۆ ئەوە بتوانێ بێتەوە ناو مەیدانی سیاسەت و ببێتە سەرۆک کۆمار و سیاسەت پێشنیار بکات، بۆ ماوەی چەندین ساڵ رووی کردە خوێندنی ئەدەبیاتی ئابووریی قوتابخانەی ئۆتریشی (Austrian School)، بە تایبەتی لە نووسینەکانی مێسیس ورد بۆوە.

لێرەدا دەگەینە ئەو وانەیەی کە ئەگەر پێمان وابێ بە بێ خوێندن و بەبێ فێربوون دەتوانین ژیانی ئابووری و سیاسیی خۆمان بەرێوە بەرین لە هەڵەیەکی کوشندەدا دەژین. ئەوانەی بەو رێیەدا رۆیشتن نموونەیان زۆرە کە هەم خۆیان و هەم میللەتەکانیان ماڵ وێران کرد.

گەلی کورد لەم قۆناغە مێژووییەدا بۆتە میللەتێکی ئۆربان و شارنیشین. دنیاش خەریکە لەوە تێبگات کە میللەتێکی ٤٠-٥٠ میلیۆنی شاری لەناو ناچێت. کەواتە پێویستە چارەنووسین بە سەروەری میللەتەوە کۆتایی بێت. ڕاستە ئێستا ئەمە شانسێکە بۆ کورد، بەڵام بەبێ خوێندن و فێربوون و پیادەکردنی سیاسەتێک کە پشت بە فاکت و زانست ببەستێت،

شانسی لەمە گەورەتریش لە دەست دەچێت. کەواتە پێویستە بورووکراسی پشت بە فاکت و زانست ببەستێت. لەم سەردەمەدا بەم جۆرە دەتوانین قۆڵ بۆ ڕزگاری و ئازادی هەڵماڵین.

گرینگە ئەوە بزانین کە پێش مەرجی هەر پرۆسەیەکی زانستی ئەوەیە کە نازانین، بۆیە کار دەکەین و پرۆسەیەک دەستپێدەکەین تاکوو فێر بین، تێبگەین و بزانین. ئەگەر لە دەستپێکدا بڵێین دەزانین ئەو کات چی تر پێویستیمان بە پرۆسەی زانستی و توێژینەوە و فێربوون و دۆزینەوە نابێت. ئەم خاڵە لە بنیادنانی دەزگا و ناوەندی زانستیشدا گرینگە. ئەوانەی پێیان وایە دەزانن دروست نیە لەم شوێنانەدا جێیان هەبێ، بەڵکوو ئەوانەی دەیانەوێ فێربن، تێبگەن و بدۆزنەوە، بۆ بەشداری لە پرۆسەی داڕشتنی سیاست لە سەر بنەمای فاکت، کەسانی گونجاون.

گرینگە ئەزموونی سەرکەوتنی میللەتان لە ڕێگەی خوێندن، فێربوون، گەڕان، دیتن، هاوکاری و هاوبیری بێت. بەڵام بۆ دۆزینەوەی سیاسەتی تایبەت بە کوردستان پێویستە بە دەستی خۆمان و لە ناوەندەکانی خۆماڵیدا، کە لەگەڵ دنیادا هاوکارن، کار بکرێت. پێویستە ئەوانەی کە لەم پرۆسەیەدا بەشدار دەبن بۆچوونی ڕوونیان لە سەر پێگەی خۆیان لە ناو سیستەمی ئیدارەی وڵاتدا هەبێ کە ئەوەش دەوری ڕاوێژکارییە نەک ئیدارەی سیاسەت. چونکە ئیدارەی سیاسەت لە لایەن هەڵبژێردراوان و سەرکردەکان و نوێنەرانی خەڵک دەکرێت.

لە کۆتاییدا گرینگە ئەوەش بخەینە بەرچاو کە کاتی بەردەست بۆ چارەی کێشەکان سەرچاوەیەکی بێ سنوور نییە. لە هەرێمی کوردستان، لە ئێستاوە تا ساڵی ٢٠٤١، لە هەر پێنج ساڵدا نزیکەی چوارسەد هەزار کەسی تر دێنە ناو بازاڕی کار کە ئەمەش بارقورسییەکی گەورەیە بۆ داڕشتنی سیاسەتی ئابووری.



info@irdk.org www.irdk.org +964 750 715 1111 گوندی ئیتالی 1 خانووی ئوفیسەکان ژمارەی خانوو B8

info@irdk.org www.irdk.org +964 750 715 1111 B8 گوندی ئیتالی 1 خانووی ئوفیسەکان ژمارەی خانوو